# هاواری دڵ

هۆنراوەی گۆرانییەکانی هونەرمەند مەزهەر خالقی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی

**بوار نورەدین**

# هاواری دڵ

## هۆنراوەی گۆرانییەکانی

## هونەرمەند مەزهەر خالقی

ئامادەکردنی: بوار نورەدین

نووسینەوەی نۆتەکان: توانا خورشید

پێداچوونەوەی نۆتەکان: کاوە فەقی زادە

ڕێکخستنی لاپەڕەکان: شاروخ ئەرژەنگی

چاپخانە: شڤان ـ سلێمانی

تیراژ: ٥٠٠٠

چاپی یەکەم ـ ١٩٩٩

چاپی پێنجەم ـ ٢٠٠٧ سلێمانی

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن (٣٨٦) ساڵی (٢٠٠٧) حکومەتی هەرێمی کوردستان

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە

## ناوەڕۆک:


چەند ڕوونکردنەوەیەک ١١

کورتەیەک لە ژیانی هونەری هونەرمەند مەزهەر خالقی ١٥

تێکستی چاوپێکەوتنەکەی مامۆستا مەزهەر لە ڕادیۆی کرماشان ١٦

شیکردنەوەی دەنگ و مۆسیقا و هارمۆنیایی گۆرانییەکانی مامۆستا (مەزهەر خالقی)/ لە نووسینی: مامۆستا ئامانج غازی ٣١

سێ بابەتی خاتوو بێریڤان جەمال حەمەسەعید

- مۆسیقا و گۆرانی خۆراکی ڕۆحمانە/ (هەلاڵە) مەزهەر خالقی ٣٨
- ئەوین و داهێنان لەناو ڕەشماڵی خێڵان ٤١
- ئاواز و گۆرانی خۆراکی ڕۆحمانە (پەپوولەی ئازادی) ٤٤

### سیدی یەک ٥٥

یار ئامان

لەیلی گیان ژمارە (١)

پردی سوور ژمارە (١)

هەرمێ

ئایشل ژمارە (١)

لەیلی گیان ژمارە (٢)

هیچی من و هیچی تۆ

غەریبم

بەهاران

زارا ژمارە (١)

نازمەکە ژمارە (١)

### سیدی دوو ٦٩

شیرین تەشی دەڕێسێ

ئاوێنەی دولبەری

خانمۆڵێ

ڕانەبێری

شادییە زەماوەندە

هەی نابێ نابێ
هەلاڵە و زەمزەمە
بۆچ منت ناوێ
ڕێگای کانی

## سیدی سێ ٨٣

هۆزگەی کوردان
ئەی دۆست ژمارە (١)
ئامینێ تاقانەی دایە
کۆچ
لەیلا مەتۆرە
نامدوێنی
نیشتمان
من و خۆشەویستم
جوتیار
دەردی ئەوین
مەلەك
شەماڵ
زارا ژمارە (٢)
تۆبەبێت

## سیدی چوار ١٠١

شیرین شیرینە
بازی بێریان ژمارە (١)
لەرزانە
یاری نازدار ژمارە (١)
توخوا مەکە
شیرین گیان
بۆی دێنم ژمارە (١)
بازی تەڕلان
لانکۆڵێ
چاو ڕەشێ گیان مەگری

تۆراوە دڵی من
ئامینێ و نازەنینێ ژمارە (١)
حەریرە و ئامان
تۆم هەر لە دڵدایە
وڵاتی جوانم
کیژی هەورامان
سیدی پێنج ١١٩
ئەم ساڵ جوانی تاکو پار
دەردت لە من
کۆچی یار
لایلایەی نیشتمان
مریەم سابڵاخی
قەسەم
لەنجەولار
گۆنا گۆڕاڵان
هەوارە
سەرەڕۆم
لەبەر دڵان
مەگری مەگری
شای وەفاداران
سیدی شەش ١٣٥
ڕەشماڵی خێڵان
جەژنی بەهاران
ئەی باخ و گوڵ و گوڵزاران
نیوە شەو
هەورە مەبارە
نەسیمی پاییز
گوڵنیشان
هاتی ئاواتی دێرین
شەدەلار

بەهەشتی عاشقان
هەتاکو من تۆم بێ
سیدی حەوت ١٤٧
هەلاڵەی غەمگین
کەمەرەشل
زولفت
وەرگەڕێ ژمارە (١)
پردی سوور ژمارە (٢)
بازی بێریان ژمارە (٢)
بۆی دێنم ژمارە (٢)
ساقی
لایلایە
نازدارو نازدار
ئاخ لەیل و داخ لەیل
سیدی هەشت ١٥٩
کۆمەڵێك مەقام
سیدی نۆ ١٧٧
ئامینێ و نازەنینێ ژمارە (٢)
ئەگەڕێمەوە
زەمانە چەندە جوانە
کەژاوە بێنن
بەری بەیانە
بەرهەڵبێنە
یار لێم نەتۆرێ
ناوێرم
گۆرانی بەهار
سیدی دە ١٩١
ناسکە ژن
کەویار
هەی نار

سەرگوڵ
نیشتمانی جوان
خۆزگەم بەپار
کەوملکە
بیرت دەکەم
سیدی یانزە ٢٠٣
پەیمانی ئاشنایی
مەستوورە
گێلگێلە شیلانەکەی
عیشقی وڵات
هەی دۆست ژمارە (٢)
من هەر تۆم بێ
وەرگەڕێ ژمارە (٢)
هیوای ژیانم
ئایشل (٢)
بیلەنگێنە
ئامۆزا گیان
نازدار یار ژمارە (٢)
چیت لێکردم
سیدی دوانزە ٢١٩
پوورزا
پەپوولەی ئازادی
ئەستێرەی گەلاوێژ
گوڵی پاراو
خۆشم ئەوێی
بملاوێنە
ئاواتی
شەوێکی تاریک
کاڤۆک
نازمەکە ژمارە (٢)

من و دڵ
بۆنی هەڵاڵان (٣)
بۆی دێنم ژمارە (٣)

ئەو گۆرانییانەی لە سیدییەکاندا تۆمار نەکراون ٢٣٥
ئایشل (کۆن)
خانمیلێ
وەرگەڕێ
شەمامە و خاڵخاڵ
خانمی خێڵان
ئاگر بارانە
سەوزە
ئامینێ
خانمیلێ
ئـامـان لـەیـل ئـامـان
ئامۆزا گیان
کوێستان
کیژۆڵە
بۆچی لەمن تۆراوی
چەمەن
چەمەن یەکبارە
میوانی دڵ
وەتەن
کیژۆڵەی کورد
کیژێ خۆی داوم نیشان
جوانی لادێ

کورتەیەك لە ژیاننامەی هەندێ لە موزیسیەنەکان ٢٦١
نۆتەی هەندێ لە گۆرانییەکان ٢٦٥

## چەند ڕوونکردنەوەیەك

کارکردن لە هەر بوارێکدا، بێگومان بێ کەموکوڕی نابێت، چونکە زۆرجار خۆت خەریك و سەرقاڵ دەکەیت بە کارێك، بەڵام ناتوانی ئاکام و ئەنجامی سەرکەوتوو بدەیت بەدەستەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگ ئەوەیە تۆ کارت کردووە، یان لەو بارودۆخەدا لەو فرەترت بۆ نەکراوە. چونکە لە بنچینەدا ئەمە کاری من نەبوو، بەڵکو کاری موزیسیەنەکانی کورد بووە کە بیکەن! بەڵام هەرچەند لە چاپەکانی پێشتریشدا گوتومە، ئارەزوویەکی دەروونی خۆم بووە، لەبەرئەوەی هەر لە منداڵییەوە بە هەردوو دەنگە ئاسمانییەکەی (مەزهەر و فەیروز) گۆش کرابووم.
هەرچەند پتر لە (٢٠) ساڵ خەریکی کۆکردنەوە و نووسینەوەی گۆرانییەکانی مامۆستا مەزهەر بووم، بەڵام کە لە ساڵی (١٩٩٩)دا بۆ یەکەمجار چاپم کرد، لەگەڵ ئەو ماوە زۆرە، زۆر کەلێن و سووچ و پەنای کتێبەکە بە هەژاری مایەوە. چونکە کارکردن لەسەر هونەری هونەرمەندێکی گەورە هەروا ئاسان نییە... هیوادارم لە داهاتوودا ببینم کاری تەواو زانستی لەسەر بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە بکرێت.
دواتر، خۆشبەختانە لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٢)دا مامۆستا بۆ یەکجاری گەڕایەوە باشووری کوردستان و لە شاری سلێمانی (ئینستیتیوتی کەلەپوری کورد)ی دامەزراند، بەندەش بوو بە کارمەندێکی ئەم دەزگایە، بەڵام بەهۆی فرە سەرقاڵی هەموان بە کاروبارەکانی ئینستیتیوت، ئەو دەرفەتە نەهاتە پێشەوە کە بۆ جاری پێنجەم کتێبەکەم چاپ بکەمەوە، هەرچەند لە زۆربەی شارەکانەوە پەیامیان دەنارد بۆ لە چاپدانەوەی، بەڵام پێم حەیف و خەتا بوو هەروەك چاپەکانی پێشوو بڵاوببێتەوە. بەڵکوو حەزم دەکرد چەند زانیارییەکی دیکەم وەگێربکەوێت و زەنگینتر بکەوێتەوە بەر دیدی خوێنەران.
خۆشبەختانە ئەلبوومی (یادگارییەکان)ی ئینستیتیوت دەستپێکرد، بەو بۆنەیەوە کۆمەڵێك گۆرانی هەڵبژێردرا و زانیاری و ئەرشیفی گۆرانییەکان بۆ ئەلبوومەکە ئامادەکرا، ئینجا منیش گوڕ و تینی نوێم وەربەرهاتەوە بۆ چاپکردنەوەی ئەم کتێبە.

هیوادارم جێگەی ڕەزامەندی هەموان بێ و توانیبێتمان خزمەتێك بە هونەر و فەرهەنگی نەتەوەکەمان بکەین.

لێرەدا پێویستە چەند سەرنج و تێبینییەك بنووسم:

١- لە ساڵی (١٩٩٩)دا ئەم کتێبە بۆ یەکەم جار چاپکرا، دواتر بە هۆی پڕفرۆشی، هەر لەو ساڵە و ساڵی دواتردا، سێ جاری دیکە چاپکرایەوە.

٢- بەداخەوە لە ئێران لەلایەن کەسێکەوە بەناوی (عرفان قانعی فرد) تەواوی کتێبەکەی جگەلە پێشەکییەك و پاشەکییەکی کورت، بەناوی خۆی چاپی کردەوە و بەناوی (کاروان مهر) بڵاوی کردەوە. کە هیچ جۆرە زانیارییەکی نوێی تێدا نەبوو، بەڵکو هەر هەمان لاپەڕەکانی (هاواری دڵ) بوو بە پەراوێزەکانی منەوە، کە زۆرێك لە پەراوێزەکان پەیوەستن بە پێشەکیی کتێبەکەی منەوە[1].

٣- هەروەها لەم دواییەدا کەسێکی دی بەناوی (سەردار شەمزاو)، دیسانەوە کۆپی (هاوری دڵ)ی بەناوی (ئەگەڕێمەوە) چاپ کردووە، کە ئەمیش زۆر لە کتێبەکەی پێشتر، خراپتر و بێ وێژدانانەتر کارەکەی منی بەناوی خۆیەوە بۆ خەڵك گواستۆتەوە.[2]

٤- بەپێویستم نەزانی هەندێك لەو بابەتانەی کەلە چاپەکانی تردا دامنابوو، لێرەدا دووبارە بینەوە.

٥- لە ساڵانی هەشتاکاندا زۆرم هەوڵدا یەکێك لە موزیسیەنەکان میلۆدی گۆرانییەکانم بۆ بنووسنەوە، بەڵام بەداخەوە نەکرا. دواتر بە سوپاسەوە کاك

---

١- بڕوانە: کاروان مهر (کاروانی خۆشەویستی)، آوازهای فولکلور و تصنیف های قدیمی کردی بە روایت مظهر خالقی، گنجینه موسیقی سنتی ایران- کردی ١، بە اهتمام و کوشش عرفان قانعی فرد، ایران، انتشارات نگاه سبز، تهران، ١٣٨٠.

٢- بێگومان هیچیان مەبەستیان خزمەت کردن نییە، بەڵکوو مەسەلەکە ئەوەیە کە ماوەی (٧) ساڵ بوو من ئەم کتێبەم چاپ نەدەکرد و خەڵك زۆر داوای دەکرد، لەبەرئەوە هەستاون بەم کارە دزێوە... ئەگەر بڵێم هیچ کەسێك دزی کتێبی لەم جۆرەی نەدیوە، ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێ؟! چونکە هەردووکیان تەنانەت ڕیزبەندی گۆرانییەکانیشیان دەستکاری نەکردووە، هەروەها یەك وشە و دێڕیان نەخستۆتە سەر، بەڵکوو تەنیا کتێبەکەی منیان تایپ کردۆتەوە و بەناوێکی دیکەوە لەگەڵ ناوی خۆیان بڵاویان کردۆتەوە. کە من بێگومانم لەوەی هەردووکیان گوێبیستی نیوەی گۆرانییەکانیش نەبوون، لەکاتێکدا من وا بۆ چەندین ساڵ دەچێ ئەرشیڤم کردوون و پاراستومن، جگەلەوەی پتر لە (٢٠) ساڵ خەریکی کۆکردنەوە و نووسینەوە و ساغکردنەوەیان بووم...

(زانا مەحموود هەژار) چەند گۆرانییەکی بۆ نووسیمەوە. بەڵام بۆ چاپی پێنجەم کاك (توانا خورشید) زەحمەتی کێشا و نۆتەی (٥٩) گۆرانی بۆ نووسیمەوە، هەروەها مامۆستا (کاوە فەقێ زادە)ش پێیاندا چۆتەوە.

٦- لەبەرئەوەی ئەلبوومی (یادگارییەکان) هەر لەمساڵدا بڵاودەبێتەوە، هەروەها زۆربەی بەرهەمەکان بەپێی مێژوو ڕیزبەندکراون، منیش پێم باش بوو گۆرانییەکان بەپێی ئەو (١٢) سیدییە ڕێکبخەم. بەڵام سیدی ژمارە (٨) کە تایبەتە بەمەقامەکان، کەمێك جیاوازی هەیە، لەلایەك هەندێ لەو مەقامانە لەگەڵ بەستەدا گوتراون و ئێمە لەگەڵ ئەواندا (واتە بەستەکان) دامان ناون، هەروەها هەندێك مەقامی سەربەخۆی هەیە هەر لەگەڵ سیدی (٨)دا دانراون.

٧- گۆرانییەکانی نێو ئەلبوومەکە ساڵانی (١٩٥٨- ١٩٩٨) دەگرێتەوە. کە لە سنە، تەورێز، کرماشان، تاران، تۆمارکراون، هەر لە ئەرشیفی ڕادیۆکاندا ماونەتەوە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٧٩)ەوە ئاکامیان نادیارە.

٨- هەندێك زانیاری لەسەر گۆرانییەکان نووسراوە و ئاماژە بە سەرچاوە نەدراوە، هەر لەو سیدییانە وەرگیراوە، کە خودی مامۆستا مەزهەر دیاری کردوون.

٩- بەدەر لەو گۆرانییانەی کە لە سیدییەکاندا هاتوون، بەرهەمەکانی تری مامۆستا لە کۆتایی کتێبە دانراون.

١٠- هەموو چاپەکانی ئەم کتێبە، سەرەڕای کۆکردنەوەی گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندە، دەکرێ وەك بەشێك لە دیوانی کۆمەڵێك شاعیر و ئەدیبی بەتوانا و شارەزای ئەدەبیاتی کورد، ناوەزەند بکرێن، چونکوو کۆمەڵێك شاکاری بەرز و جوانی تێدایە، هەرچەند لە ساڵی (٢٠٠٤)دا دیوانەکەی (د. عابد سراجەدینی) چاپکرا، بەڵام بەداخەوە هێشتا شاعیرانی وەك عوسمانی ئەحمەدی و د. موفتی زادە، دیوان و بەرهەمەکانیان کۆنەکراونەتەوە، تەنیا هەندێك لە هۆنراوەکانیان کە لەلایەن مامۆستا مەزهەرەوە کراون بە گۆرانی، ئاشکران. هیوادارین لە داهاتوویەکی نزیکدا، بەرهەمی ئەوانیش، جیهانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردیی ڕەنگاڵەتر بکات.

١١- چونکه مامۆستا مەزهەر زۆر حەزی لە شیعر بووە، هەروەها ئەو ئاوازانەی بەکاری هێناون لەگەڵ هۆنراوەکاندا، تاڕادەیەك قورس بوون، لەبەرئەوە زۆرجار لە پێناو گونجاندنیان هەندێ دەستکاری شیعرەکانی کردووە. بەتایبەتی بەرهەمی شاعیرێکی وەك (د. سراجەدینی)، کە زۆرێك لە هۆنراوەکان بەتایبەتی بۆ گۆرانییەکانی مامۆستا مەزهەر ئامادە کراون.[1]

١٢- کۆمەڵێك لە هۆنراوەی گۆرانییەکان ناوی (د. سراجەدین)یان بەسەرەوەیە، بەڵام بەداخەوە هەندێکیان لە دیوانەکەیدا بەرجەستە نابن، لەبەرئەوە لە هەندێك شوێندا ئاماژەمان بەم سەرچاوەیە نەکردووە.

١٣- لەماوەی بیست ساڵی خەریکبوونم بە کۆکردنەوە و نووسینەوەی گۆرانییەکان، دیوانی زۆربەی شاعیرانی کورد گەڕام، لەلایەك لە پێناو دۆزینەوەی هۆنراوەکان و ئاماژە پێکردنیان لەناو کتێبەکەدا، لەلایەکی دیکە لەپێناو نووسینەوەی ڕاست و ڕەوانی هۆنراوەکان، چونکە من لەسەر دەنگی مامۆستا گۆرانییەکانم نووسیوەتەوە.

١٤- ئەگەر دەستکاری و جێگۆڕکێ بە هۆنراوەکان کرابێ، ئەوا لەسەر سیدییەکان ئەو کارە ئەنجام دراوە. بۆ نموونە پێشتر هۆنراوەی مەقامێکمان بە سەربەخۆ داناوە، دواتر بۆمان ڕوون بۆتەوە کە ئەو مەقامە تایبەتە بە فلانە گۆرانی، لەبەرئەوە لەگەڵ ئەودا دانراوە.

---

١- بڕوانە: دیوانی عابد سیراجەدین نەقشبەندی، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی: ئەسعەد نەقشبەندی، ئاراس، هەولێر، چ (وەزارەتی پەروەردە)، ٢٠٠٤.